# د.عەباس وەلی: لە کوردستان مەترسی کاڵبوونەوەی هەستی نەتەوەیی هەیە و هەر ئەم کاڵبوونەوەیەش جێگا بە ئایدۆلۆژیای ئیسلامیزم دەکاتەوە

گفتوگۆی : ڕێبوار ڕەزا چوچانی
rebwarreza1983@yahoo.com

*** مێژوی سەرهەڵدانی بیری ناسیونالیزم، مێژوویەکی زۆر دوور نییە، بەڵام ئایە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ناسیونالیزم چین؟**



– بۆ زانیینی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بیری ناسیونالیزم، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەوروپای ڕۆژئاوا، گەر بە شێوەیەکی تیۆری باسی بکەین، چەمکی نەتەوەیی و ئایدولۆژیای نەتەوەیی لەگەڵ هاتنە مەیدانی جەماوەر بۆ گۆڕەپانی سیاسەتدا پەیدا بوو، ئەمە وەك یەکەمین هۆکار پێناسە دەکرێت، لە کۆتایەکانی سەدەی 17دا. هاوکات لە سەدەی 18دا ئەو پرۆسەیە بەردەوام بوو، هۆکاری تریش وەك ئەوەی بیری ناسیونالیزم لە ژێر کاریگەری لیبرالیزمدا گەشەی دەکرد، واتە لیبرالیزە بوو. جگە لەمانە هۆکارێکی تر بۆ گەشەی بیری ناسیونالیزمی، بلاوبوونەوەی خوێندەواری بوو لە ناو زۆربەی خەڵك، کە پێشتر تەنیا لە ژێر دەسەڵاتی چینی ئاینی و ئەرەستۆکراسی و چینە باڵاکانی کۆمەڵدا بوو. سەبارەت بە گەشەی ئەم بیرۆکەیە بیروڕای جیاواز هەن، هەندێك دەڵێن هاتنەکایەی چاپەمنی کاپیتالیزمی لە ئەوروپای ڕۆژئاوا، ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە چەسپاندنی بیرۆکەی ناسیونالیزمدا هەبووە، ئەم بزوتنەوە چاپەمنیەش کاریگەری خۆی هەبووە، لەو بارەیەوە کە زمانە لۆکاڵیەکانی زمانی ئاینی لاوازکردووە. لە لایەکەی ترەوە زمانی ئاسایی خەڵك، کە پەیوەندی لەگەڵ دەسەلاتدا هەبووە، هێدی هێدی پەرەی سەندوە و بۆتە زمانی نەتەوەیی. بۆ نموونە ئەو سەردەمە شکسپیر لە ئینگلیستان بە ئینگلیزی دەینوسی، لە هەمانکاتدا فەیلەسوفێکی ئینگلیزی هەبوو بە ناوی فرانسس بێکن، کە بە لاتینی دەینووسی. ئەو کاتیش لە ئەورپاش زیاتر فرانسس دەناسرا، چونکە زمانی ئینگلیزی زمانێکی لوکاڵی بوو، کەسیش شکسپیری نەدەناسی. ئینگلیزی تا ئەو کاتە نەیتوانیبوو گەشە بکات و ببێتە زمانێکی میللی و ببێتە زمانی چاپەمنی کاپیتالیزمی، چونکە زمانی لاتین زمانی سەرەکی و زمانی خوێندەواران بوو، ئەو زمانەش کاریگەری هەبوو. لە سەدەی 17 بە دواوە زمانە لۆکاڵەیەکان هاتنە پێشەوە و گەشەیان کرد و زمانی لاتین هێدی هێدی لاواز بوو، لەگەڵ ئەوەشدا فەرهەنگی سیاسی لیبڕالیزە کرا، بەوەی کە خەڵکی بەشداری لە پرۆسەی سیاسی بکەن، بەڵام لە بارەی دوو چەمکی سیاسی وەك دەسەڵاتی سیاسی و ئەویتریان شەرعیەتی سیاسی، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، بە تایبەتی کاتێك دەسەڵاتی کەنیسە و دەوڵەت لە یەکتری جیا بوونەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شەرعیەتی سیاسی بە جیابوونەوەی کەنیسە و دەوڵەت لە یەکتری شەرعیەتی ئاینی بە هێواشی شەرعیەتی خۆی لە دەستدا. لە سەدەکانی 14 و 15 و 16 تاوەکو کۆتاییەکانی سەدەی 17 وەك بیری نەتەوەیی ناسیونالیزم سەرهەڵدەدات، بەڵام لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسی چەمکەکانی گەل و نەتەوە دێنە ناو گوتارە سیاسیەکانەوە، ئەمەش بەو مانایەی پێویستە گەل و نەتەوە سەرچاوەی شەرعیەتی سیاسی و هەم سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی بن. ئەمەش پاش شۆڕشی گەورەی فەرانسا دەست پێ دەکات. هاوکات ئەو بیرۆکەیەش سەرهەڵدەدات، کە بە هێواشی سەرمایەداری پیشەسازی سەریهەڵداوە و کشتوکاڵ ڕۆڵی لە ئابووری و گەشەی کۆمەڵایەتیدا پەیدا کردووە.

*** ئەی بۆچی لەو ناوچانەی گەلان ناتوانن بە شێوەیەکی ئاشتیانە، لەگەڵ یەك بژێن ناسیۆنالیزم ڕێرەوێکی توندوتیژ وەردەگرێت؟**

– بە بڕوای من ئەوە تایبەتمەندی ئەو کەسانەیە، کە درەنگ پێڕادەگەن، ئێمە لێرەدا باسی ئەو نەتەوانە دەکەین، کە لە مێژوودا

هەمیشە سیاسەتیان کردووە، بۆ ئەوەی خۆیان دابمەزرێنن، ئەمانەش بە دوور نەبوون لە توندوتیژی. خاڵی دووەمیش ئەوەیە، کە ناسیۆنالیزمێك بەو شێوەیە دادەمەزرێت، جەخت دەکاتەوە سەر نەتەوە وەك ریشەی بیرەکەیان، هەر ئەمەش ئەو توندوتیژەیە دێنێتە ئاراوە.

*** بەڵام بە باوەڕی تۆ ناسیۆنالیزمی کوردی ناسیۆنالیزمێکی کامڵە، بە پێی ئەو پێوەرانەی کە باسیان دەکەیت؟**

–نا، بە باوەڕی من ناسیۆنالیزمی کوردی زۆری ماوە پێبگات، ئەمەش بە هۆی تایبەتمەندیەکانی کوردستان، وەك پارچە پارچە بوونی کوردستان و نەبوونی هەستێکی نەتەوەیی و بزوتنەوەیەکی سیاسی یەکگرتوو و ستراکتۆری بنەمایەکی فەرهەنگی و ئابووری یەکگرتوو، ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تەواوی مێژووی خۆیدا هەم لە بارەی گوتارەوە، هەم لە بارەی تیۆری سیاسیەوە لاواز بێت. بە بڕوای من هێشتا زۆری ماوە وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی ڕێکوپێك خۆی دابمەزرێنێت، تاوەکو بتوانێت گوتارێکی سیاسی یەکگرتووی هەبێت و ببێتە بنەمایەك بۆ دروستکردنی هەستێکی نەتەوەیی یەکگرتوو لە نێوان کوردەکاندا. بە بڕوای من ئەو لێکۆڵینەوانەی لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی کراون، زیاتر جەختیان لە سەر زمان و نەتەوە و ئەو شتانە کردۆتەوە، کە ئەمە باشە، بەڵام پێویستە لەم کاتە بەدواوە جەختی زیاتر لە سەر بە مەدەنیکردنی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی بکرێتەوە، بیری ناسیۆنالیزمی کوردی زۆر نزیکە لە بیری دیموکراتیەوە، ئەمەش دەتوانین کەڵکی لێوەرگرین بۆ دامەزراندنی گوتارێکی فەلسەفی و فەرهەنگی یەکگرتوودا، بۆ ئەوەی بەم شێوەیە بتوانین، کە بە بەشە جیاوازەکانیەوە ناسنامەیەکی یەکگرتووی کوردی بۆ نەتەوەی کورد دابمەزرێنین، هەرچی زووترە ئەو ناسنامەیە لە سەر بنەمای مەدەنیەت و سیڤیلیبوون دابمەزرێت، بە بڕوای من ناسیۆنالیزمی کوردی زیاتر لە واقیعی ئەمڕۆی جیهان نزیك دەبێتەوە، کە بزوتنەوەیەکە بەرەو پرۆسەیەکی دیموکراتیە.

***بەو پێیەی کە ناسیۆنالیزمی کوردی بە کۆمەڵێك ناسیۆنالیزمی تر دەورە دراوە، ئایە تاچەند ناسیۆنالیزمی کوردی کاریگەری ئەو ناسیۆنالیزمانەی لەسەرە، وەك ناسیۆنالیزمی عەرەبی و تورکی و فارسی، هاوکات ئەمانە ناسیۆنالیزمێکی مەدەنین؟**

–نەخێر ئەوانە هیچیان ناسیۆنالیزمی مەدەنی نین، ئەوانە ناسیۆنالیزمی (ئیتنیك)ن، ناسیۆنالیزمی عەرەبی جەخت لە سەر عروبە و فەرهەنگی عەرەبی دەکاتەوە، ناسیۆنالیزمی فارسیش ئێرانی بوون بە فارس بوون دەزانێت، یان تورکیاییبوون واتە تورکبوون، ئەمانە هەمووی ناسیۆنالیزمی سیاسی ئیتنیکن، بە بڕوای من ناسیۆنالیزمی کوردیش هەمان ناسیۆنالیزمە، کە لە ناوچەکەدا بوونی هەبووە، هەر بۆیە لایەنی ئیتنیکی زۆر بەهێزە، ناسیۆنالیستە کوردیەکانیش زۆر بە زەحمەت دەست لەو ئیتنیکە هەڵدەگرن. بەڵام بە باوەڕی من چونکە بنەمای ناسنامە هەمیشە لە جیاوازیدایە لەو ناسنامەیەی کە تۆ خۆتی لە بەرامبەردا دەبینیەوە، هەر بۆیە هەرچی تورك و عەرەب و فارس زیاتر جەخت لە ناسنامەی خۆیان و ئیتنیکی خۆیان بکەن، ناسنامە و زمانی کوردی زیاتر زەقتر دەبێت لە بەرامبەریاندا، بە بڕوای من ئەوە ئەرکی لێکۆڵەرەوەکانی ئێستا و داهاتووی کوردە، تەنانەت سیاسیەکانیش بتوان گەشە بە فەرهەنگی دیموکراتی بدەن، بتوانن ڕۆڵی کارا و کاریگەری فەرهەنگی دیموکراتی لە ناو ناسیۆنالیزمی کوردیدا زیاتر بکەن، ئەمەش سەرکەوتنی تەنیا پەیوەست نییە بە باری ناوخۆی کوردان و کار و چالاکیەکانیانەوە، بەڵام دەکرێت ئەمە پەیوەست بێت بەو گەشەیەی کە لە فەرهەنگی مەدەنی و دیموکراتی وڵاتانی دراوسێی کوردا هەیە، بۆ نموونە لە وڵاتی تورکیادا ناتوانی چاوەڕوانی ئەوە بکەین، کە بارودۆخی سیاسی و فەرهەنگی دیموکراتی لە ناو ناسیۆنالیزمی کوردیدا گەشە بکات و بەسەر پێ بکەوێ، چونکە تورکەکان پێناسەیەکی تایبەتیان لە سەر ئیتنیك هەیە، هەر بۆیەش کوردەکان لە بەر دەم دوو ڕێگادان، یەکەمیان ئەوەی تا چەندە دەتوانن فەرهەنگێکی (سیاسی–مەدەنی) لە نێوان خۆیاندا پێکبهێنن، لە بەرامبەریشدا ئەوانەی هەردەم پێناسەی کوردی لە بەرامبەریاندا ڕاوەستاوە، تا چەندە دەتوانن فەرهەنگی خۆیان دیموکراتیزە بکەن.

*** ئەوەی کە لێرە واتە لە باشوری کوردستان هەستی پێدەکرێت، کاڵبوونەوەی هەستی نەتەوەییە، بە رای ئێوە هۆکارەکەی چییە؟ چونکە لە بەرامبەردا ناسیۆنالیزم لای گەلانی ناوچەکە تا دێت پیرۆزتر دەبێت؟**

– منیش ئەوە دەبینم، بە باوەڕی من ناتوانین یەك پێوەرمان هەبیت بۆ ئەو کاڵبوونەوەیە، هاوکات ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین، کە لە داهاتوودا ئەگەر کورد بۆ نموونە ببێتە دەوڵەت هەستی نەتەوەیی چۆن دەبێت؟، من پێموایە ئەمەش ئەوە دەگەینێت، کە ناسیۆنالیزم شتێك نییە لەگەڵ مرۆڤدا لە دایك ببێت، بەڵکو ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیایەکی سیاسییە، بە بڕوای من ئەگەر

دەسەڵاتداران بەردەوام هاووڵاتیان  فێر نەکەن، یان ئەگەر نەتوانن وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی جەماوەر بن، ئەوا ناتەبایی و ئەو بۆشیایەی لە نێوان جەماوەر و دەسەڵاتدا هەیە دروست دەبێت. ئەم بۆشایەش وا دەکات هەستی نەتەوەیی کەم بکات، بۆیە ئەم مەترسیە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەستی پێدەکرێت، هەر ئەم کاڵبوونەوەیەش جێگا بۆ ئایدۆلۆژیای نوێ دەکاتەوە، کە ئێستا ئایدۆلۆژیای ئیسلامیزمە. بۆیە من هەردەم لەو بارەیەوە نیگەرانم و پێویستە دەسەڵاتداران و بەرپرسان هەردەم لە بیری ئەو مەسەلەیەدا بن، بیر لە 10 ساڵی تری کوردستان بکەنەوە، هاوکات هەوڵی ئەوە بدەن، کە لە سایەی بیری دیموکراتی و سڤیلدا کارێك بکەن، کە بیری ناسیۆنالیزمی گەشە بکات، نەك کاڵ بێتەوە، چونکە ناسیۆنالیزم ئێتنیك نییە، کە لە گەڵ مرۆڤدا بمێنێتەوە، بەڵکو پێویستە هەمیشە کاری لە سەر بکرێت، بۆ ئەوەی بمێنێتەوە و گەشە بکات و پڕ رەنگتر بێتەوە.

*** بەڵام حاڵەتێکی تر هەیە، کاتێك مرۆڤ لە شوێنی لەدایکبوونی خۆیەوە کۆچ دەکات بۆ شوێنێکی تر، هەستی نەتەوەیی لای ئەو کەسە زیاتر گەشە دەکات وەك لەوەی لە شوێنی پێشتری خۆی، هۆکاری ئەمەشیان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– بە بڕوای من ئەو توخمانەی کە ناسنامەی نەتەوەیی مرۆڤ دروست دەکات، کاتێك مرۆڤ لەو کاتەی لە شوێنی خۆی دوور دەکەوێتەوە، زیاتر زەقتر دەبنەوە، ئەمەش مەرج نییە بە تەواوەتی وابێت، بەڵکو تا رادەیەك دروستە، بەمەش دەگوترێت ناسیۆنالیزم لە رێگای دوورەوە واتە مەنفا، ئەم دیاردەیەش لە ناو کورداندا بەدی دەکرێت. ئەو هەستەش بەهێزە. بەڵام ئەو هەستە شتێکی خاوە ئەگەر کاری لەسەر نەکرێت، دەشێ لەناوبچێت، یان ببێتە شتێکی تر، بۆ نموونە ئەوانەی  لە دەرەوەی وڵاتن تەنیا لە رێگەی راگەیاندەوە پەیوەندیان لەگەڵ وڵاتدا هەیە، ئەگەر فەرهەنگی ناسیۆنالیزمی ئێرە گەشە نەکات، کاریگەری لە سەر هەستی ئەوانیش دەکات، دەتوانم بڵێم یەکێك لە کاریگەریە نێگەتیڤەکانی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان ئەوەیە، کە جالیەی کورد لە هەندەراندا تەنیا لە ژێر کاریگەری ئەودان، لە لایەکەوە باشە، چونکە پەیوەندی ئەوان لەگەڵ ناوەوەدا دێڵێتەوە، بەڵام چونکە فەرهەنگی ناوەخۆ وەك پێویست بەهێز نییە، بۆیە  کار لەوانیش دەکات. هاوکات واش دەکەن ئەو کوردانەی دەرەوە ناکەونە ژێر کاریگەری فەرهەنگ و کلتوری دیموکراتی ئەو وڵاتانەوە کە تێدا دەژین، بەڵکو هەمان کلتووری ئێرە بە سەریاندا زاڵ دەبێت، کە لە رێگەی تەلەفزیۆنەکانەوە بۆیان رەوانە دەکرێت، ئەمەش خۆی لە بوارەکانی شیعر و مۆسیقا و ئەدەب و فەلسەفەدا دەبینێتەوە، هەر بۆیە وەك خۆیان دەمێننەوە، کە ئەو کەسە گوێنەداتە ( B.B.C)  گوێناداتە شتێکی تر، بۆیە لە کلتووری ئەو وڵاتانە جیا دەبنەوە و بەجێ دەمێنن.  ئێستا بۆیە دەبینین لە ناو جالیەی دەرەوەی وڵاتدا هەستی ئەتنیکی زۆر بەهێزە، ئەمەش لە رێگای دوورەوە، بەڵام هەستی دیموکراتی دەکرێت لە ژێر کاریگەری رۆژئاوادا بەهێز بکرێت و گەشە بکات.

***باسی دەزگاکانی راگەیاندنت کرد، پێت وایە دەزگاکانی راگەیاندنی ئێمە، کە ئەو کلتوورە دەگوازنەوە بۆ هاوڵاتیانی خۆیان لە مەنفا لە ئاستی پێویستدان؟**

– بە داخەوە رادیۆ و تەلەفزیونەکانی ئێمە بە تایبەتی تەلەفزیۆن، زۆر ئاستیان لە خوارەوەیە، بۆ نموونە بەیانی تا ئێوارە یان گۆرانی دەڵێن یان هەڵدەپەڕن، هیچ کلتوورێکی بەرز دروستنەکراوە، رەخنەی سیاسی زۆر کەمە، باسی فەلسەفە زۆر کەمە، هاوکات بەرنامەڕێژی بۆ بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لە ئاستێکی وا دا نییە، کە رۆڵی هەبێت لە هاتنە ئارای فەرهەنگێکی بەرزی دیموکراتیك، لە کوردستاندا ئەو رۆڵە زۆر لاوازە، ئەمەش نەك تەنیا کاریگەری لە سەر ئەوانە هەیە، کە لە ناو وڵاتدان، بەڵکو کاریگەری زیاتر لە سەر ئەوانە هەیە کە لە دەرەوەی وڵاتدان، بۆیە بە باوەڕی من راستە، کە هەستی ناسیونالیزمی لێرەدا کاڵ دەبێتەوە، سەبارەت بەوانەی دەرەوەش تەنیا پەیوەندی ئەتنیکیان دەمێنێت و پەیوەندی سیاسیان دەپسێ، بۆیە جێگای سەرسامی نییە، کە کاتێك دەگوترێت ژیانتان خۆشتر دەکەم و نان و ئاو کارەباتان بۆ دابین دەکەم، کاتێك ناسیۆنالیزم رەنگی کاڵ دەبێتەوە، ئەوان زیاتر گەشە دەکەن، ئەمەش مەترسیەکە بۆ سەر ئەو حکومەتەی وا دەزانێت گەشەی وڵات تەنیا پەیوەستە بە دروستکردنی رێگاوبان و بینایەی بەرزەوە، هەرچەندە ئەمانەش پێویستن، بەڵام کاتێك کار بۆ کەلتوورێکی سیاسی و مەدەنی و دیموکراتی بۆ هاووڵاتی نەکرێت، ئەگەر بیکەنە دوبەیش، خەڵکەکەی ناتوان بیری دیموکراتییان هەبێت، هەر وەك چۆن خەڵکی دوبەی ناتوان دیموکراتیانە بیر بکەنەوە. بۆیە من جەخت لە سەر ئەوە دەکەمە، کە هەردەم گەشەسەندنی ئابووری لەگەڵ گەشەی کۆمەڵایەتیدا هاوتەریب بێت، ئەو پرۆسەیەی گەشەی کۆمەڵایەتی بە گەشەی ئابوورییەوە دەبەستێتەوە، گەشەی سیاسیە، بەڵام بەداخەوە لێرە کەمترین جەخت لە سەر گەشەی سیاسی دەکەنەوە، ئەوەش رەخنەکی زۆر گەورەیە، کە پێویستە ئاراستەیان

بکرێت، گەشەی سیاسیش واتە هێنانە ئارای کۆمەڵگای مەدەنی و دروستکردنی ڕێکخراوەکانی تایبەت بەو بوارە، بۆ ئەوەی جەماوەر لەو بارەوە بە باشترین شێوە گۆش بکرێن، پێویستە گەشە بکات نەوەك كاڵ بێتەوە، جارێکی تریش جەخت لە سەر ئەوە دەکەمەوە، کە ئەگەر گەشەی ئابووری لە گەشەی سیاسی و کلتووری جیا بکرێتەوە، ئەوا ئەو کاروانە ناچێتە پێش.

* تۆ لە دیدارێکدا باس لەوە دەکەیت، کە کورد ناسیۆنالستی هەیە بەڵام ناسیونالیزمی نییە، مەبەستت لەمە چییە؟

– بەڵێ ڕاستە مەبەستم ئەوەیە، کە کورد بەیانێکی یەکگرتووی ناسیۆنالیستی نییە، بزوتنەوەیەکی ناسونالیستی مۆدرێن و یەکگرتووی نییە، چونکە هەمیشە بزوتنەوەی ناسونالیزم ئامانجی دروستکردنی چوارچێوەیەکی سیاسیە بۆ نەتەوەکەی، ئامانجی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی دروستکردنی چوار چێوەیەکی یاسایی سیاسیە کە بۆ نەتەوەکەیەتی، واتە دەوڵتێکی بۆ دروست بکات، بەڵام ئەم بزوتنەوە یەکگرتووە لە کوردستاندا نییە.

* بەڵام ئەم بزوتنەوە ناسیۆنالیزمەی کە باسی دەکەیت،بۆچی لێرە نییە؟

– بۆ زانینی هۆکارەکانی پێویستە بگەڕێنەوە بۆ مێژوو، کورد تا بڵێیت ناسیۆنالیستی زۆرە، بەڵام بزوتنەوەکانی کەمن، هەر بۆیە بە بڕوای من ناسیۆنالیستەکان زیاتر ناسیۆنالیستی نەتەوەین و ناسیۆنالیزمی دیموکراتی و مەدەنی کەمە، دووبارە جەخت دەکەمە لە سەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان گەشەی ئابووری و گەشەی سیاسی، ئەو پەیوەندیەش پێویستە لە سەر بنەماکانی سیڤیلی و مەدەنیەت و دیموکراتی بن. بۆیە پێویستە سیاسەتمەدارانی ئێمە ئەو پەیوەندیە دروست بکەن، بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندیە لە یەك جیا نەبێتەوە.

تێبینی:

ئەم گفتوگۆیە لە ژمارە 247 ی ڕۆژنامەی جەماوەر بڵاو کراوەتەوە.

www.jamawar.net